ڕازی وەرێگێراوە

چوارینەکانی باباتاهیری عوریان

مەلێ بم بەرچیاکانیش وەتەن بێ
بە باڵ بفڕم بۆ هەر لایەک چیمەن بێ
نە چێژێ بێکەم هەیە نیشتانە سامان
مەگەر بیرم بە پەڕوباڵم کفن بێ

گەنجینە

دیوانی

بابە تاهیر عوریان

٩٣٥ - ١٠١٠م

گۆڕینی
ڕازی

ساڵی ١٩٧٩

چاپی دووەم ـ لەدیوانی
بابەتاهـیری هەمەدانی
لەسەرئەرکی « شێخ ئەنوەر »
خاوەنی کتێبخانەی « شانۆ »لە چاپدراوە
لەچاپخانەی (بابـل) بەغداد
ژمارەی تەلەفۆن ٨٨٨٦٢٣٩

ړازی

پێشــــەکــی

چوارینە کانی بابا طاهر بە شێوەی (لور) بریتــەلە ۳۸۷ چوارینەو شەش غەزەلی درێژ بەڵام لێرەدا چەند چوار ینەیەك گوایە بەهی بابــا طــاهری نازانــن لێی کەوتونە تە شك لە دیوانەکەیدا بە شــێوەی فارســیو لوری یەکەی نووسراوە (بیتهای مشکوك) گوایــە لــێی کەوتونە شك دور نیە واش بێ چوارینەی هۆنەرەکانــی ئەو سەردەمەی تێکەڵ بووبێ چونکە بابا طاهر داهێنەری چوارێنەی ئەو سەردەمە بــووە ٠

گۆڕینی چوارینەکانی بابا طاهری عوریان

کاتێ دیوانی بابا طاهرم دەست کەوت بەشێوەی (لـور) زۆر بەئیشتیاوە سەرنجم ئەدا لە چوارێنەکانی بەراستی تینو سۆزی بابا طاهر وای لێ کردم کەئـەم دیوانـە بۆ هەتا ئێستا هۆنەرێ هەموو چوارینەکانی وەرنەگێڕاوە هەتا خوێنەرانی سۆرانی لێی بێ بەش نەبن ٠

هـــەتـا کەوتمـــە ســەر ئـــەوەی پێشـــەکی پرسیار لە چەند کەسێ بکەم کە شارەزایی‌یان لە شێوەی لوڕ هەبێ پاشان فەرهەنگێکم پێك هێنـا لە ســەر ئـەو فەرهەنگە کەوتمە گۆڕینی چوارینەکان لە سەر هـەمان کێش‌و سۆز ئەمەش دیارە زور ئاسان نی‌یە هەر بەدەم تەواو ئەبی یەکێکی وەك من شان بدەمە ژێر قورسایی چوارینەکانی بابا طاهری عوریـان بتوانـم بیگەێنمـە هەوار بە هیوایەك کە جێگەی وزامەندی هەموان بێ ٠

وەکو ئەزانین وئەبینین چوارینەکانی (بابا طاهر) لە سەر دوو کێش دای ڕشتون یـەکەم کێشـی کورت دووەم کێش فراوان واتە درێژ ٠

ئەگەر بێتـو وەرگێڕانەکـەی لە سـەریەك کێش وەرگێڕین سۆزی چوارینەکە تێك ئەچێ واتەبێ سـۆز تام ئەمێنێتـەوە رەنجەکەمان بێ‌سود ئەبـێ وەك لـەم چوارینەیەی بەکێشی فراوان هاتووە ئەلێـت ٠

– ل –

خوش آنروزی که قبـــرم میگیره تنـــگ

بباليــن ســـرم خشتو گـــلو سنگ

دوپـــادەر قبلـــەو جـــان دربیابان

تنـــم بامـــارو مـــوران میگـــره چنـــگ

– س –

ئای بۆئـــەو کاتە ئەچمە گۆڕی تەنـــگ

دەم لەخاك چەقیو بەکۆڵـــەوە سەنـــگ

روو لەقیبلـــەو پشـــت لـــە بیابـــان

لاشـــەم مارو مور لێ‌ی‌گیر ئەکەن چنگ

لێرە بابا طاهر ئەڵێت – دوپادر قبلەو جان دربیابان – واتە هەر دوو قاچم ئەکەنە قیبلە لاشەشم بەروتـــی لە چۆڵەوانێ فرێ ئەدرێ ئەمەش بۆ پیاو خوایەکی وەکو بابای قەلەندەر هەرگیز رێ نادرێ بائەوە بەجێ بێڵین بێینە سەر باسی کێشی دوەم کەبریتیە لە کیشی کورت ئەمەش ئەبی دوای سوزو تامەکەی بکەوی بزانی چۆن لە لوری‌یەکەیا ئەڵێت

– ل –

دلا غافـــل زســـبحانی چەحاصـــل

مطیـــع نفسو شیطانی چەحاصـــل

بود قدرتـــو آنـــزون از ملایك

تو قدری خوو نمیدانی چەحاصـــل

- س -

ئەی دڵ بێ باك لە فەرمانی بڵێم چی

مل کەچێ نەفس و شەیتانی بڵێم چی

خۆشەویست بوی جێگەی ڕێزی هەموکەس

کەتۆ ڕێزی خۆت نازانی بڵێم چی

لێرەدا بابا طاهر ئەڵێت - چەحاصل - واتە چیت دەست کەوت بەڵام من بەوشەی - بڵێم چی - هێناومە بۆ ئەوەی کێشەکە قورس نەبێ ئەمە لەلایەك لە لایەکی ترەوە وادەری ئەبڕێ کە فەرمانی دڵێ بەرێدا ڕۆییوە دڵێ هەرچی ڕێیەکی بۆ دانابێ ئەم سەرپیچی نەکردووە ئەوەتا سەر زەنشتی دڵێ ئەکاو ئەڵێت من بە قسەی تۆم کرد بۆیە وام بە سەر هات •

ژیانـــی بـابـا طاهــر

ـ بابا طاهر ـ هۆنەرێکی کوردی سەدەی سێهەمـــی هیجری بووە بە پێی هێنـدێ بەڵگەی مێژویی دەورەی (صاحبی کوری عباد) و (ابن سینا)ی فەیلەسوفی دیوە کەئەمانە لەزەمانی حوکمڕانی (بویە) بەکاندا ژیـاون ئەم چوارێنە یەیوای دەرئەخا ئەڵێت

موآن بحرەم کەدر ظـرف آمدەسـتەم
موآن نقطـە کە درحـرف آمدەسـتەم
بەهـر الفـی الف قـدی بـەر آیـو
الف قـدم کـەدر الـف آمدەسـتەم

ئەم چوارینە یە (میرزا مهدی خان) لەسەر صعابی (ابجد) لێکی داوەتەوە گوایا هاتنە دنیای بابا طاهـــر دەر ئەخا لە (٣٢٦)هـ ٠ (٩٣٥)م ٠ دا وەئە «٤٠١»هـ٠ ـ ١٠١٠ م ٠ ـ کۆچی دوایی کردووە ئەمەش لە (المجلة الجمعیة الاسیویة)دا بڵاو کراوەتەوە لە ـ بەنگـــال ـ بابا طاهر هەر لە (هەمەدان) کۆچـــی دوایی کـــردوە گۆڕەکەی گومەزێکی لەسەر دروست کراوە بەڵام لەبـەر کۆنی گۆرستانەکە گومەزەکەی داروخاو وپەرپوت بووە وا لە سەر تەپولکەیەکە کە ناوی (بن بازارە)

وا لە سەروی شاری ـ هەمەدان ـ ەوەیـە ئەم رێنەمایی بە لە مێژوی ئەدەبی کوردی ـ مامۆستا (عـلاءالدیـن سجادی) وەرگـیراوە ـ ٠

رازی

دڵسۆزێ نی‌یه‌بێ دادم ببا
دادم بۆسه‌روی ئازادم ببا
هه‌چی جوان هه‌یه بێنه لامه‌وه
تیانی‌یه یادت له‌یادم ببا

★ ★ ★

وەك پێشنان ئەلێن

مشتێ نموونەی خەرمانێکە

لوڕ

چومویك سوته دل پراونۀ نه
(بعالم) همچو مو دیوانۀ نه
همه مارونو مورون لانه دیرن
من دیوانەرا ویرانۀ نه

سۆرانی

وەك من دڵ سوتاو مەگەر پەروانە
له دنیا نی یه وەك من دێوانە
مارو مێرووان هەیانه جێو ڕێێ
تەنیا هەر منم بێ جێگەو لانە

دەریای من لە جێگەی تەنگ هاتە دەر
تکە تکە پیت بە پیتم دایە بەر ..
لە هەر ئەلفێ هە زار باڵا دروست بو
باڵای ئەلفم لە ناو بتان هاتە سەر

بابا تایەر

چوارینەکان

دڵی شاد ئاگای لە شێواو نییە
لەش ساغ خەبەری لە داماو نییە
سوچی کەس نییە هەر وەها بوە
ئازاد کوا ئاگای لە گیراو نییە ؟

★ ★ ★

بە نەشتەر بدەن لە دیدەکانم
بیخەنە ئاگر گۆشتو ئێسقانم
بەگاز دەربێنن نینۆکی پەنجەم
لە دڵ دەرناچێ دڵداری جوانم

★ ★ ★

تۆی دەردم ،تۆی دەرمانم ئەی یار
بۆ دیدارت چەند پەرێشانم ئەی یار
ئەگەر پێستم لە بەدەن دابماڵن
جییا نابێت عێشقت لە گیانم ئەی یار

★ ★ ★

مەلێ بم سەر چیاکانیش وەتەن بێ
بەباڵ بفرم بۆ هەر لایەك چیمەن بێ
لە هێزێکم هەیە ئێستا نە سامان
مەگەر بمرم پەرو باڵم کفن بێ

★ ★ ★

ئەمــی دڵ ڕەق لەخــوا بۆنییــە ســڵت
بــە پــەرێشــانیـم ناســوتیٚ دڵــت
جـــۆریٚ بســـوتێم تینـــم بتگــاتــیٚ
زەردیکا ئاڵـــیی ســەر گۆنـــەی گوڵت

* * *

باڵای نەمامـــم ڕاهـــاتوی خـــەم بو
وێنــەی مــن کڵــۆل لەدنیــا کــەم بــو
خەمــی خەم خـــۆران بۆمــن مایــەوە
خەم خەرمــا نێك‌بو میرات گــر کەم بو

* * *

دڵســـۆزیٚ نییــە بـــیٚ دادم ببــا
دادم بــۆ ســـەروی ئــازادم ببـــا
هەچـــی جـوان هــەیە بێنــە لامـــەوە
تیـــا نییــە یـــادت لەیـــادم ببــا

* * *

غەریبـــی ســـەختە زویـــری هەیــە
لەملمــا حەڵقــەی زنجـــیری هــەیــە
حەلقــە لەملمــا دەربێنــە گـــەردون
خاکی خۆم جێگــەی دلگیـری هــەیــە

جوتیارێکی پیر لەدەشت ئەی نالاَن
ئەی وت : ئاخ پیری جوانیت کرد تالاَن
تۆوی ئەوە شاند ئەی لاوانەوە
بۆ کاتی لاوی‌و توانایی سالاَن

* * *

ئەی پەروەر دگار وەرە فریای من
کەسی بێ کەسان هەرتۆی پەنای من
ئەڵێن (طاهر) تۆ کەست نەماوە
تۆی هەمو کەسم هەرتۆی هیوای من

* * *

جێگەت ناو دڵە تۆی خۆشەویستم
تۆی ئاواتی من هەر تۆی مەبەستم
بەتاقی ئەبرۆت کە سوژدەی دڵە
هەتا هەم ئەی جوان تۆ ئەپەرستم

* * *

بەبێ تۆ هەرگیز لە ژین نیمەکام
لێو نادەم لەمەی دەس نابەم بۆجام
شەو لەرزم لێ‌دێ رۆژ ئەکەم ناڵە
دور لەتۆ نیمە هەناسەی ئارام

دنیـای بێ بایـەخ زینـدانی منـی
دڕکی خـەم گـیری دامـانـی منـی
سەبری (یەعقوب) ومەینەتی «ئەیوب»
پێشـکەش بەدڵو بـە گیانـی منـــی

★ ★ ★

کەشتیی ئاواتـم سەرەو بـن بــوە
جەرگـم بەتیری عەشـق کون بـــوە
هەرکەس دڵداری جـوانو نازداربـــێ
وێنەی من ڕێگـەی ڕاسـتی ون بـوە

★ ★ ★

شـەماڵی خۆش بۆ ئەیدا لـە کاکـۆڵ
بۆم دێنــێ بۆنی ڕێحـانو سـومبوڵ
هـەر شـەوێ یـادت بگـرم لەباوەش
تابەیان سەریـن لێی دێ بۆنـی گوڵ

★ ★ ★

لە عەشقی جوانیـت هۆشـــم شـێواوە
چـــاوم فرمێسـکی خـوێنـی داداوە
دلـێ دڵـداران وێنـــەی داری تـەڕ
سـەرێک ئـەسوتێ سەرێک خوێنــاوە

لە بەر چاوی من گوڵـزار زیندانـە
گوڵستان بێ تۆ ئاگر ستانە
ئەزانی چۆنم ئارامی گیانم ..
شەو خەو ئالۆزە لەم دو چاوانە

* * *

نازانم بۆچی من سەر گەردانم
دادو ناڵەمە گەرمە گریانم
بۆ هەمو دەردێ دەرمان دروست بو
تەنیا من نەبێ نییە دەرمانم

* * *

بێ تۆ سەرینم وەك رەشمارە لام
بێ تۆ رۆژی رون شەوی تارە لام
بێ تۆ هەر کاتێ سەیری گوڵزارکەم
گوڵزار سەرو خوار دڕكو دارەلام

* * *

(دڵدار)ی راستی لەگیان ناترسێ
هەرگیز لە ئێشو لێدان ناترسێ
دڵێ دڵداران گورگی برسییە
گورگ لەهەی هەی شوان ناترسێ

هەمە دولبەرێ پڕسیحرە چاوی
چە ، کەسی وەك من کەوتونە داوی
لەناو هەمویان ئەومانگ روخسارە
کەس نییە وەك من شێتو سوتاوی

★ ★ ★

وەرە سەیرکە حاڵێکی شێواو
بە چاو ببینە گیرۆدەی ناو داو
تۆ گوڵ لەسەرت ئەدەی گوڵی من
من چە پۆك ئەدەم لەسەرو لەچاو

★ ★ ★

بەرۆژ لەدەردو خەما گیرماوم
بەشەو بۆمانگی روتە شێواوم
هەموکەس شوێنی سرەوتی هەیە
منی دەر بەدەر بێبەش کراوم

★ ★ ★

سەرێکم هەیە سامانی نییە
خەمێکم هەیە ئامانی نییە
گەرباوەڕ ناکەی وەرە ئەی بینی
دەردێکی گران دەرمانی نییە

مەیلـــم لە جـــوانی گوڵزاری تۆیـــە
ســـینەم پڕئێش‌و ئـــازاری تۆیـــە
بە ئـــارەزوی دڵ چومـــە لالـــە زار
بینیـــم هەڵاڵەش داخ داری تـــویـــە

★ ★ ★

جۆرە بازێك بـــوم فڕیـــم بـــۆ نێچیر
دەستێکی رەش بـــو دای لەباڵـــم تیـــر
هۆش لەدەس نـــەدەی لەســـەبـــزە زارا
گەر هۆش لەدەس دەی پێت ناوتری ژێر

★ ★ ★

هەڵاڵەی کۆســـار تەمـــەنی کورتـــە
وەنەو شەی روبار تەمـــەنی کورتە
جارچی جار ئـــەدا ئەڵێ ئـــەی یـــاران
وەفـــاری گوڵ عوزار تەمەنی کورتـــە

★ ★ ★

مەپرســـە بـــۆچـــی وابـــێ قـــەرام
بەدیـــدە وێنـــەی لێـــزمـــەی بـــەهـــارم
ئـــەزانی بۆچـــی لەکێـــوو هـــەردم
لەعەشـــقی تۆیە بێ ئیختیـــارم

ئاوی لێـــون بی کـەوســـەرم ناوێ
جـەوهەر پەرستم گەوهــەرم ناوێ
گیانی من پوشــە ،جـوانیی تۆ ئاگـر
ئاگر بەبـێ پوش ناســوتێ تــاوێ

* * *

دڵـــدار ناترسێ توشی بەڵابـــێ
گـەر وەکو (أیّوب) کـرم تـێیدا بــێ
وەك (حسن) پیاڵەی زەهر نەنۆشـــێ
یا (حســـین) ئاسا ســەری بــرابێ

* * *

ئارامـــم نیبــە بر روخســاری تـــۆ
بۆ زولفی رەشـــی عەتــر بــاری تــۆ
ئـــارامی نییـــە هیــچ کاتــێ دڵـم
مەگەر ئـــەو ساتەی دێمــە دیاری تــۆ

* * *

دنیــا ســـفرەیە مـــرۆڤ میوانـــــە
ئەمـــرو گوڵـــزارە ســـبەی خەزانـــە
چاڵێکــی تاریــك کەنــاوی گــــۆڕە
ئەڵێـــن ئێـــرە حبێی گشت خانو مانە

وەك من داماوم فەلەك داماوبێ
من نوقمی خەمم ئەوەی خوێناوبێ
وەك منی كردە هەدەفی مەینەت
وا سەر گەردانو سەر لی شێواوبێ

* * *

تا، تا، پەرچەم بەسەر روتا بڵاوە
گوڵو ڕێحانو سومبوڵ تێكەڵاوە
بەسەر ڕوتا پەرێشانە دو زوڵفت
بەهەر تاڵێك دڵێك هەڵ واسراوە

* * *

بڵێن جێگەت ئاسمانی چوارە مینە
بەڵام گورگی مەرگت هەر لەكەمینە
هەزاران ساڵ لەدنیادا بكەی گەشت
لە دوایی‌دا شوێنت دو توێی زەمینە

* * *

خۆشەویستم دڵو گیانم لەلاتە
هەمو ئاشكراو پەنهانم لەلاتە
من نازانم كەئەم دەردەم لەكۆ گرت ؟
بەڵام ئەزانم دەرمانم لەلاتە

ئازیز قەت مەردی لەنامەرد نایە
گریان‌و ناڵە لەبێ دەرد نایە
گوێ بگرە ڕۆ ڕۆ ،ڕۆڵەی (فەرەیدون)
گڕ لەتەنوری سڕو سارد نایە

* * *

فەلەك هەتاكەی ناڵەو گریانم
ئاگری خەمت بەردایە گیانم
تەمەن تێپەری بەدەردی سەری
بەمەیلی دڵم نەبو ئاسمانم

* * *

لەم كێوبۆ ئەو كێو بەرزبوم‌و نیشتم
هەڵاڵەم ئەچنی تاتێ گەیشتم
لالە بێ بارو بێ‌وەفا دەرچو
بێ وەفا نابەم بۆ خۆشەویستم

* * *

نازانم دڵم شێواوی كێ یە
ئاوارەی كێیە سوتاوی كێیە
خۆزگە ئەمزانی دڵەی ڕەنجە ڕۆم
گیری نێرگزێ دوچاوی كێیە

لەمسکی چینی رەشتر سومبوڵت
بەهەزاران دڵ بەندی کاکۆڵت
پەی بە دڵی تۆ نابا ناڵەی من
لەبەرد رەقترە بێ گومان دڵت

* * *

بەرە للایەکم ئاوایە پیشەم
دەستی بەجام و دەستێ بە شوشەم
تۆ بێ تاوانبی دیارە فریشتەی
منیش لە (حەوا) و (ئادەمە) ریشەم

* * *

ئەو گوڵەی کە من ماندوم لەتاوی
بە فرمێسکی چاو کەداومە ئاوی
من پەروەردەم کرد ،لەکوێ رەوایە
یەکێکی تر بێ بگرێ گوڵاوی

* * *

ئەوەی بێ ماڵ و سامانە منم
ئەوەی ئاوارەو بێ نانە منم
ئەوەی شەو بێ شێو رۆژ ئەکاتەوە
منم، رۆژ رەشی نەمانە منم

چاوه كانت پیالەی پڕ لـــەمەی بـــێ
تـا تای زولفت بەرامبە رمولكی ڕەی بێ
پەیمـانت دا كـه ئەمـڕۆ نـا بەیانـی
من نازانـم كەبەیـانی توكـــەی بـــێ

★ ★ ★

لەبـەد بەختیـــم لەدڵـم نالـــە نایـه
بۆ ڕوی زەردم فرمێسك ئاڵەنایـــه
خـەوم نایـه بەخـــەو شێوەت ببینـم
بۆ خۆشەویســتم ئـەو چاوه كـاڵە نایه

★ ★ ★

دەنگـی بانگ وێژی مردن وا ئەهات
گوێ بگـرن بەگـوێی ئێمـەدا ئەدات
برایان مــردن یەك لـه دوای یەكـه
ساتێ ئـەزانی دێته ســـەرت كـات

★ ★ ★

جارێ ڕێـم كەوته نـاو گۆرستانێ
هاته گوێـم دەنگی بەكـوڵ گریانـێ
دیـم ئێسقانێكـه لـەخاكـا ئەڵێـت
خۆشیو لەزەتـی سەردنیا كوانـێ ؟

دڵی ڕەنجــە ڕۆم کەیلــی ئــازارە
چــاو بــەفرمێســکم دەم پڕهــاوارە
وێنــەی منــاڵی رقــاوی ســەرشێت
دڵــەی ئــاوارەم وابــێ قــەرارە

★ ★ ★

لــەدەس دڵــداری ئــاوایــە ژینــم
ژەوی دۆشــە کمــە بــەردە ســەرینم
ژیــانم وابــێ دۆســـتم جۆرێ نــز
لــەم کــەینو بەینــە مــن چی ئــەبینم

★ ★ ★

دوزمنــی گیــانت وا پەرێشــان بــێ
جەرگــی ئەنجنــی دەمی دەبــان بێ
سەر لە ئێــوارە هــەواڵ پرســی بــێ
بەیانــی لاشــەی لــە گۆڕســتان بــێ

★ ★ ★

وەرە ڕونــاك کــە ژوری تــاریکــم
بێ هاودەم مــاوم بە خــەم خەریکــم
سوێندم بەقەوســی ئــەبرۆی داهــاتوت
تــۆ دوربــی مــەرگ والــە نزیکــم

پەرێشانت پەرێشانە لەدوی تۆ
چەرگ‌و دڵپاکی بریانە لەدوی تۆ
تۆجێت هێشتم یاری تازەت موبارەك
منیش هام رازم گریانە لەدوی تۆ

★ ★ ★

بەخەمناکی هەتاکەی دابمێنم
دڵێ کۆرپە لەتاو خەمرا بژێنم
ئەڵێیت برو ئیتر باروت نەبینم
وە بمکوژە با توخوا نەمێنم

★ ★ ★

عەشقی تۆ بو بیابانی کرد بەجێم
لە ئاگری دۆری تودا ئەسوتێم
بەمن ئەڵێت ئارام بگرە بێ ئارام
ئارام گرتن ئەزانی چی ئەکا پێم

★ ★ ★

خوشەویستی لەمێژی من کوانێ ؟
دوچاوی سورمە رێژی من کوانێ ؟
طاهر واهاتە کۆتایی ژینی
بازو بێ یاسین ویژی من کوانێ ؟

جۆانی تویە ئارامی لێم بریوە
تیری عێشقت پەردەی جەرگی دریوە
خۆشەویستیت کاتێ هاتە دڵی من
هەرچی لەکەی پێشوبی لێی سریوە

★ ★ ★

تەنم بێ پوشین سەر بێ سەرین بێ
خەمم پەلاس بێ راخەر زەمین بێ
گەر بێ تۆ سەرم لەسەر سەرینکەم
کورەی دەرونم هەر لەدمین بێ

★ ★ ★

فەلەك جوانی تۆی لەکوێ هێناوە
لەمانگ جوانتر نەخشی کێشاوە
ئەوەی بەوردی سەیری جوانیتکا
بەتیری نیگات جەرگی بڕاوە

★ ★ ★

یادی تۆنەبێ بێشك نەفەوتێم
فرمێسکم نەبێ بەگڕ ئەسوتێم
لەوە ترساوم ئازاری جیایت
ئیمانم ماوە کەبی سێنێ لێم

شادم ئەو ساتە دولبەرم لابێ
شەوی تاریکم پڕ لە چرابێ
بەئارەزوی دڵ جارجار بڕو ێنم
ئەویش پێکەنین لەسەر لێویا بێ

★ ★ ★

بێ تۆ گەر سەرم لەسەر سەرین بێ
سەری وام ناوێ بابۆ بڕین بێ
ئەگەر وشك كا فرمێسكی چاوم ...
یاخوا ئەوچاوە كوێرو نەبین بێ

★ ★ ★

ئەی ئەستێرەكەی پرشنگ لەروی من
سوتاوە زارو سینەو گەروی من
نەلەك لەقینا تەمی لەروت نا
بۆكێ ئەجروێی لەدەس دەرچوی من

★ ★ ★

لەبەختی رەش و ئێشی بێ وێنە
پیاڵەی شەرابم پڕ زەهرو خوێنە
لەبەر ناسازی چەرخی پڕ مەینەت
كزەی دەرونم چیا تاوێنە

گڕی عەشقێکە بەربۆتە گیانم
دڵو دەرونی هەمو سوتانم
سەگی بەر قاپیت پێ لە چاوم نێ
ژێر پێی ئەمالێ برژانگەکانم

★ ★ ★

گوڵزار بەبێ تۆ وەك دڕكو دارە
لەگەڵ تۆ دڕك گوڵو گوڵزارە
هەر تۆ گوڵشەنو گوڵزاری منی
بۆ لاشەی مردوم گیانی دوبارە

★ ★ ★

خوایە ئاگری عێشقم لە گیان کە
دڵو جگەرم پاکی بریانکە
وابێ گڕ لەگەڵ هەناسەم دەربێ
پەروانەی دڵم گیری سوتانکە

★ ★ ★

هەمە یارێ نییەتی مەیلی یاری
هەمە ئێشی نییەتی شوێنی دیاری
ئەڵێن یارت ئەوا خەوتویی نازە
خەوێکی وا هەرگیز نەبی بێداری

دەنگێ هاتە گوێم وتی: ئەزانی ؟
دەردێ دڵێ تۆ نییە دەرمانی
لاشەت گەوهەر بێ خاك دای ئەپۆشێ
بێنرخە دنیا، بێ بایەخ جوانی

★ ★ ★

لالە نێژان. ئیتر لالە مەچێنن
باخەوانان دەستان بۆ گوڵ مەهێنن
وەفای گوڵ هەر ئەوەندە بو کە من دیم
هەڵێ کێشن لەجێی درِك بچێنن

★ ★ ★

سەر خەوێکم لەناو چینێ گوڵان کرد
بەو سەرخەوە گوڵم توشی زیان کرد
باخەوانان دیاری دۆستم لەگەڵ گوڵ
هەزارِ درِکی لەروی گوڵ پاسەوان کرد

★ ★ ★

چەند پێم خۆشە بە نێواران بینینت
تێر ببیستم وتەی لێوی شیرینت
بەگەرمی دەست لەناو دەستنت ببینم
شەویش قۆڵم دابنێم بۆ سەرینت

ئەوا بەهار هات گیا ژیایەوە
بەهاری جوانیم نەگەڕایەوە
لالە ڕوا لەسەر گۆڕی جوانان
سەیرانگای مەستان وا بووژایەوە

★ ★ ★

گەر دڵ دڵبەرە ئەی دڵبەر کامە ؟
گەر دڵبەر دڵە ئەی دڵ چی نامە ؟
دڵو دڵبەرم وەك یەك ئەبینم ..
نەدڵم دیارە نەدڵبەر لامە :

★ ★ ★

ڕێگە بەردەڵان منیش بەخەم مەست
شوشەی نامو نەنگ لەسەر لەپی دەست
ئاگادارم کە خوادی بەئاگا
بالێم نەشکێنی ڕێگەی چەوتو پەست

★ ★ ★

کارێ مەکە کە بەردت لێ بباری
دنیا لەخۆت بڕەنجێنی بە جاری
سبەی نامە خوێن نامەت ئەبینن
نەفرین بۆ خۆتو نامەت ئەباری

شێری مەردم بەڵام دڵ چی ئەزانێ
ڕێوی ئەجەل هاتوە بۆ شکانی
لەڕوم وەستاوە وەك شێر بەهەیبەت
دەمێ چەشتی ئەلێسێ بە زوبانی

★ ★ ★

ئەپۆشم شاڵاو ئەبەستم قەدەك
شانازی ئەکەم بەجەوری فەلەك
ئەگرم سەرانسەر ئاوی دەریاکان
پێ ئەشۆم دەستی پیاوی بەدنمەك

★ ★ ★

دیارە ئەی دڵ لە ڕێگەی دور نیتە باك
لەتاری گۆڕ لەئاگری سورنیتە باك
نازانی کەچی ڕۆژێکت لەپێشە ...
ئەبیتە لانەی مارو مور نیتە باك

★ ★ ★

لە تۆ جیابم ئەی شۆخی نازە نینم
ڕۆژم شەوە، شەو دۆزەخە بۆژینم
خونچەی لێوت ئەگەر بۆمن بپشکوێ
هەمو ڕۆژێ من بە نەورۆز ئەبینم

ئەمامم ناشت بە هیوایەك بەبەر بێ
بە من چی دەستی زۆرداری لە سەر بێ
بایەك هەڵکا دەری بێنێ لە بێخا
بێ سودە هەمو بەری گەوهەربێ

★ ★ ★

هەردو چاوم بە ئازارێکی دێشنێت
دور لە گیانت وەختە گیانم بکێشێت
بیستومە کە گرتوتە یاری تازە !
وەرە چاوم دەرێنە با نەبێ لێت

★ ★ ★

یەکێ دەردو یەکێ دەرمانی ئەوێ
یەکێ وەسڵو یەکێ هیجرانی ئەوێ
من ئەمانەم بە جۆرێ لاپەسەندە
گیانی لاوازی من کامیانی ئەوێ ؟

★ ★ ★

وێنە شاخێ کە بورکانی لێرابێ
یان تەلارێ تەواو وێران کرابێ
لە دەشتی پیریا ئاوایە حالم
ئەما جوانیم خوا مردن دەبابێ

سکالای ئێش و ئازارم هەتاکەی
پەریشانی رۆژگارم هەتاکەی
بەباریکی بخە باری گرانم ...
بابەس بێ ئیتر هاوارم هەتاکەی

* * *

ئەگەر خاوەن نگین بێ دوایی هیچە
شاهی سەرتەخت نشین بێ دوایی هیچە
حوکم ران بی لەسەر تەختی (سلێمان)
جێگەت دو توێی زەمین بێ دوایی هیچە

* * *

بەیادی تۆیە خۆشحالم لەژینا
تۆ دوربی کافر بەحالم لەژینا
بێفریام بۆخاتری خاترداران
بەچنگی خەم گەروم والەگوشینا

* * *

خۆشەویستی دڵو گیانم تۆی تۆ
لەعەشقی تۆ بەشم شینە لەگەڵ رۆ
شەوی تاریک لەتاو دەردی جیایت
خەمو ئێش و ئازارم لێ ئەبێ کۆ

خولیای عێشقت وا لە ناو مۆخی سەرما
گڕی جوانیت والـە ناخـی جگەرمـا
بتیمـن کەعبـەی مـن قیبلـەی مـن
هەرتەنیـا تۆی لەبـەربینی نەزەرمـا

* * *

لەکاتی خۆی نەگەییە دەردم دەرمـان
لەمردن بەرگـری ناکـرێ بەگـریـان
باخی ژینـم پڕوکـاوە لق وپـۆی
ئیتر بەسـە مەدە ئیتـر تیر لەجگەرمان

* * *

هـەزارێکـم ئـاوارە لەدەشـت و دەر
من مۆمێکـم شـەوقم هەیـە ڕوەو سەر
بەکەڵکـی دنیـاو قیـامەت نەهـاتم
درە ختێکم نیمـە سایەویێ سـەمەر

* * *

وەرەتاهـەم باشا نـازی بکـەم پیـت
وەرەجوانیی گوڵان بنێرە ژێـر پێـت
وەرە بادەستم رەنگیـن بـێ لەکـارا
وەرە بەهرەی هەڵبەستم وەرگـرم لێـت

من کە دەردو خەمە بوتە خەڵاتم
لە سێبەری ئاوارەی وڵاتم ...!
نەبو ڕۆژێ کە بێتە ژوور سەری من
هەتا ماوم بەجێ بێنێ ئاواتم

* * *

فەلەك چەوت و چەوێڵ و ناتەواوە
بەئاخ و ئۆف هاوار گوێی نەداوە
هەمیشە کار و کرداری وەهایە
بنچینەکەی بەم جۆرە داڕژاوە

* * *

بەبێ تۆ لێم حەرام بێ لالەو وگوڵ
گوێ ناگرم بۆ دەنگی سازی بولبول
ئەگەر بێ تۆ دابنیشم لەناو باخ
ژیلەمۆ بێ تێی بنیشم هەتا مل

* * *

ڕاخەرت گوڵە سێبەرت سومبوڵ
باڵات ڕێك و جوان بە ئارەزوی دڵ
لە تاوی ئاڵێ گوڵێ ڕومەتت
سرەوتم نییە بەوێنەی بولبول

تۆ بە جوانی وەك گوڵی یاسەمینی
ئاوی چاوو گڕی گریانم ئەبینی
لەوە ترساوم هەناسەم بدالێت
ناسکەگیانت ببێتە ئاو لەتینی

★ ★ ★

تۆ زاناو حەکیمی من بکە چار
شەوو رۆژ نییە ئارامم بەئازار
دەمێ ئەڵێم کەرۆژ بۆ ئاوا نابێ
دەمێ ئەڵێم بۆ وا درێژە شەوگار

★ ★ ★

فەلەك گریانو هاوارم هەتاکەی
جییات کردم لە دڵدارم هەتاکەی
هێناتمو تەختی نەردت نیشان دام
شەش و پێنج بێ موری زارم هەتاکەی

★ ★ ★

بینیم کەلالە لەشوێنێ رواوە ...
درك لەچوارلا دەوری لێداوە
بڵێ : باخەوان عوزری چی دێنێ
نەمامت درەنگ بەری هێناوە

من ئاوارەی بیابانم شەوو رۆژ
فرمێسك دێ لەچاونم شەوو رۆژ
نیبە دۆستێ رزگارم کا لە ئازار
بزانێ بۆ پەرێشانم شەو رۆژ

★ ★ ★

وەرە بولبول دەردی دڵت بڵێ پێم
وەرە سۆزی بەیانت وەرگرە لێم
بۆ جوانی گوڵە چەند رۆژێ ئەناڵێ
من بۆ جوانی دڵارام بۆتەوە سوێم

★ ★ ★

هەمە دڵێ، پەرێشانو دێوانە
لەبەد ناویم نیمە ناوو نیشانە
هیوام رۆژیکە ئاواتم بێتە دی
بەدەست بگرم داوێنی ئەو جوانە

★ ★ ★

چۆتە ئەمرۆ ئاوا خۆشحاڵی ئەی دڵ
دەماخ بەرزی شاری خەیاڵی ئەی‌دڵ
کۆشە گیربە ،رولە قاپی خوداکە ؟
کەئەم ساتە لەخەم بەتاڵی ئەی دڵ

لالە جێنم لالە رواوە لەناو دڵ
پاراوی فرمێسکی چاوە لە ناو دڵ
نەئەبیستم نەئەبینم هەرایەك
تۆی گولم بەرهەم هێناوە لەناو دڵ

* * *

بەدوێنە هەتا یاری بکا دڵ
هەتاکەی گریەو زاری بکا دڵ
بەهاتو چۆ پەیاناکەی وەکومن
سەراپا پێشکەشی یاری بکا دڵ

* * *

خۆشەویستم وەرە چاوم لەرێتە
گلێنەی چاوەکانم خاکی رێتە
لەوە ترساوم لە خۆشیا نەزانم
برژانگی تیژ هەڵ بچەقێ بە پێتا

* * *

تۆ ناپرسی لەحاڵی دڵ براوت
بەهاری جوانی خۆی نایە پیناوت
ماوە یەکە کەتۆیادی من ناکەی
نازانم چۆن لەژین ماوم لەتاوت

خۆشە شاخو دەرو دەشتو بیابان
خۆشە شادبین هەمو لایەك شادمان
تاوێ سەیران تاوێ شایی تاوێ دەشت
ئابەم جۆرە خۆشە درێژی ژیان

★ ★ ★

هەمو كاتێ من شانازی ئەكەم پێت
سەرم ناوێ ئەگەر نەخشێ لەژێرپێت
لەناخی دڵ سوپاس گوزاری ئەوەم
لەرێگەو بان بەدڵ سڵاو ئەكا لێت

★ ★ ★

لەكاتێكا كەرێگەی راست نەبینم
خوێندەوار نیم هەتا ویردێ بخوێنم
وێنەی شێتان روئەكەمە بیابان
بەیادی تووە ئاسك ئەدوێنم

★ ★ ★

دەمو لێوت شیرینە وێنەی شەكروا
مینش گیان ئاگرینم دیدە پڕئاو
لەوە بترسە هەناسەم بدا لێت
ئاهی گەر مم شالاو بێنێ لە ناكاو

لە جوانی تۆ ڕواوە گوڵ لــە گوڵــزار
باڵای ڕێکت تازە بەرهــەم ئــەدا دیار
لەتاوی رومــەتــی وێنــــە گوڵــێ تــۆ
بولبول ناســا ، ئەناڵێنـــم ئەکــەم زار

✶ ✶ ✶

حــاڵی دەردی منـــی خەمبــار بپرســە
ناڵەی شــەوی گیــانی بیمـــار بپرسە
هــەمو دێـــن و ئەحوالــم ئەپرســن
دڵ و گیـــانم دەتۆش یە کجـــار بپرسە

✶ ✶ ✶

هەمە دڵێ سەر لێشـــێواو ، پەرێشان
لەبــەد ناویـــم نــەناوم مانــەنیشـــان
ئالـــەم کاتە خـــۆزگــە رۆژی ببۆایــە
دەستی لەرزەم بگەیشـــتایە بەدامـــان

✶ ✶ ✶

لەداخی تــو ســەراپــاشین نــەپوشــم
خــەم و داخــت وەکــو بــادە ئەنۆشم
لەباوەشـــت بگــرم وەك رۆژ لەئــاسۆ
تانەفخــی ســـور لەخۆشــیا بێهۆشـــم

ئەگەر بڵێم ئەگەر نەڵێم خوایە
خۆت ئەزانی کەپێویستم داوایە
گەر بە نوێژە بۆچی بەشم براوە
گەر بێبەشم روبکەم بوچی لایە

* * *

وەرە جارێ دەمێکە چاوە روانم
نەیەی تاریكو پڕژانە ژیانم
وەرە دەردێ کەتۆ ناتە دڵی من
توخوا چارێك بەمانم یانە مانم

* * *

ناتای پەرچەم بۆتە تاڵی کەمانم
بەزەییت بێ بەحاڵی پەرێشانم
تۆ لەگەڵ من نیتە مەیلی دڵداری
بۆ ناتبینم تابەخەوی شەوانم

* * *

بەنازادرێ دڵو پەیمانم داوە
دڵی بردومو جەرگم بۆی براوە
خوا سازی بکا ئەو سیرە جوانە
چاوە رێیم زوتربێ لەرێگاوە

لەو بگرەو بەردە گومانم هەیە
بارێگی قورس‌و گرانم هەیە
گەر (لاتقنطوا) نەگاتە فریام
من بەقەد کێوی تاوانم هەیە

* * *

لەجەوری زەمان من دادم هەیە
هەزاران نالەو فریادم هەیە
دڵ کەوتۆتە سەر خەرمانی دڕك
لەکوێ هەناسەی ئازادم هەیە

* * *

من دەربەدەرو بێ جێگەو بانم
من مەینەت کێشم زۆر سەختە گیانم
من بومە تۆپە دڕکی بیابان
بەکزە بایەك شوێنم نازانم

* * *

ڕۆ بکەمە سەحرا وێنەت ئەبینم
بچمە ناو دەریا شێوەت ئەبینم
ڕۆ لەهەر کێوکەم ،چۆڵو بیابان
شێوەی بێ وێنەو هاوتا ئەبینم

من نازانم لەڕازی دڵ چە بێژم
خەمو زوخاوی ناودڵم بڕێژم
بڵێم چی منڕەنگی زەردم دیارە
با ئەم ڕازو نیازە هەر بنێژم

* * *

دڵسوتاوان وەرن نەخشێ بکێشین
قسەی ناوێ هەمو بەداخو ئێشین
تەرازوم هێناوە بۆکێشی خەمان
خەمی سوکو گران یەکیەك ئەکێشین

* * *

دەریای من لە جێگەی تەنگ هاتەدەر
تکە تکە پیت بەپیتم دایە بەر
لەهەر ئەلفێ هەزار باڵا دروست بو
باڵای ئەلفم لەناو بتان هاتە سەر

* * *

بەشم وابێ لەعالەم دەربەدەر بم
دورتر لەچینو ماچین دڵکەدەر بم
لەدڵدارم بگات جار جار سڵاوێ
دوریو دۆستیی من، باهەر دەربەدەربم

له خۆشەویستیت دڵ نیگەرانم
من بەتۆ ناکەم تامابێ ژیانم
داخ زاڵە لەسەر وەفا لەناو دڵ
لەناتەواوی‌و جەوری زەمانم

★ ★ ★

خەمی خەمخۆرم خوراکی دڵ خەم
خەم دڵسۆزمە لەلام نابێ کەم
خەمە نایەڵێ تەنیا دانیشم
خەم‌لام بەرێزە بەقەد چاوەکەم

★ ★ ★

دولبەرم. دورە حاڵی نازانم
پەیامی نایە ئارام بێ گیانم
خودایە مەرگ مۆڵەتم بدا
پێی شاد بمەوە زۆر پەرێشانم

★ ★ ★

بەنەزانی گرتم کوێرە رێگایی
چە رێگایە نازانم بۆچە لایێ
بەدڵم وت دەبا برۆین دوبەدو
بەلام ئەی دڵ نازانم هیچ پەنایێ

هەمە دڵێ وەك سەلی باڵ شکاوە
لەسەر لێوی کەشتیی دەریا وێستاوە
ئەڵێن (طاهر) دەنگی سازت بۆنایە
دەنگی چۆن بێ دەماری دڵ پساوە

★ ★ ★

زەمانە روت و عوریانی کردوم
دوژمن بەژین و ژیانی کردوم
خەنجەرێ بێنن سینەم هەڵدڕن
ئەبینن عێشق وێرانی کردوم

★ ★ ★

پیری کاریکی کرد باییم نەماوە
لە گیاندا هێزو توانابیم نەماوە
ئەڵێن (طاهر) وەرە سەیری جوانان
بەمن چی تازە بینابیم نەماوە

★ ★ ★

هەردو چاوم خوێنی تێزاوە بۆتۆ
عەقڵ و هۆشم ناوە بەلاوە بۆتۆ
ئەگەر (لەیلا)ی بپرسە حالی (مەجنون)
تەماشاکە وا بەسەحراوە بۆتۆ

هەردو چاوم دەرێنن تۆم نەوێ تۆ
بەئاگر بم سوتێنن تۆم ئەوێ تۆ
بچمە ناو باخ تەماشای گوڵان کەم
گوڵ هەزار بنوێنن تۆم ئەوێ تۆ

★ ★ ★

من تەنیاو بێحالم چۆن نەنالم
مەلی بێپەرو بالم چۆن نەنالم
ئەلێن بۆچی هێندە گەرمە نالەت
جوانیت والەخەیالم چۆن نەنالم

★ ★ ★

من لەجەوری یەکێ دڵپڕ لەئێشم
وەکو لالە بەدڵ داخێ ئەنۆشم
سبەی رۆژ نامە خوێن نامە ئەبینن
لەکردارم شەرمەزاری ئەکێشم

★ ★ ★

بەئاهم گومەزی (خضرا) ئەسوتێ
فەلەك یەکسەر لەسەرتاپا ئەسوتێ
بسوتێنم یاخۆ ئیشم ئەسازێ
چایە بڕیار ئەسازێ یان ئەبسوتێ

وەرە تاویٚ لەدوریتوا ئەسوتیٚم
موژەی چاوت هەمو وەك تیر ئەدا لیٚم
تۆ وێنەی گوڵ منی بولبول ئەکەم زار
لەتاوی تۆ بەجاریٚ بۆتەوە سویٚم

★ ★ ★

هەمو دنیا تەمو گەردە بڵیٚم چی
وەکو من دڵیان پردەردە بڵیٚم چی
سومبولٚ روا لەدوایێنی ئەلوەندا
لەبەختی من رەنگیان زەردە بڵیٚم چی

★ ★ ★

دەس بەبادە بەچاو سەیری گوڵانکەم
تەماشای سەوزەو ئاوی رەوانکەم
دوسٚ جامیٚ بنۆشم شادبم تاوی
بەسەرخۆش سەیری لالەی جوان کەم

★ ★ ★

لەناو دڵا هەروا ماوە خەمی تۆ
ئەناڵیٚم لەجەورو ستەمی تۆ
مەگەر بولبول رەفیقم بیٚ لەگوڵزار
سکاڵاکەین لەتاو مەیلی کەمی تۆ

عەزیزان من بەدو دەرد پەرێشانم
یەکێ پیری یەکێ ئاهی شەوانم
ئاواتی من هەمو بینینی تۆیە
سەیری جوانیت بکەم دەرچێ گیانم

* * *

ئەستێرەی ئاسمان ئەکەم ژمارە
لەیادت دام هەرگیز نیمە مدارە
یادت ئەکەم کەتەنیای لەشەودا
دێتە خوارێ فرمێسکم وەك فوارە

* * *

خەمی دنیا بەجارێ بۆتە بارم
بارم سەنگینەو رەنگینە قەتارم
بۆچی نابیستن دادی من هەزار داد
بارم قورسەو بێ بارە رۆژگارم

* * *

بێ دین بم گەر ئیتر لالە بچێنم
بێ دین بم گەر ئیتر ناوی بۆبێنم
داخی لالە گەلێك زۆرە لەدڵا
بێ دین بم گەر ئیتر ناوی بهێنم

خەمی زۆر وا لەدڵما بێ ژمارە
تێ ئاهم بەحەواوە دیارە
بەیانیان زو بەیەك كلپەی هەناسە
ئەسوتینم ئەوانەی نالە بارە

★ ★ ★

خۆشەویستم بێ تۆ زارو حەزیم
جگەر سەدپارە دیدە گرینم
ئەودەستەی لەسەر گەردنی تۆبون
خستومە ژێر سەر وێنەی سەرینم

★ ★ ★

نابیستی دەنگی نالە ناڵی من
لەحاڵی دڵو ژینی تاڵی من
دڵسوتاوان: بێن هەمو یەك گرین
ئێوە ئەزانن چۆنە حاڵی من

★ ★ ★

هاوار لەدەس دڵ بۆمنی ناوێ
بۆچی ناسرەوێ ئاسودە ناوێ
چیبکەم لەو دڵەم وەك مەلی كێوێ
هەرساتە ملی والەناو داوێ

لەتۆ دوربم عەزیزم تاڵە ژینم
بێ دین بم گەربێتە لێو پێکەنینم
لەسەر وەفا پەیمانی خۆسم گیانە
بۆیەکێ تر من ناگۆرم ئەوینم

★ ★ ★

وەرن جەرگ براوان با بناڵین
پەروانەی باڵ سوتاوان با بناڵین
لەدڵداری گوڵێ رەعنا بناڵین
لەدەستی یاری بێ پەروا بناڵین

★ ★ ★

ئەوەندە مەستم نازانم سەرەتا پێم
هەتا دوڵبەرەکەم نازانێ من کێم
دڵارامێ کەدڵ ئارام بگرێ لای
لەخوام ناوێ ساقیو کەوسەر بدا پێم

★ ★ ★

فەلەك بۆچی منت هێنایە بەرهەم
رەنگم زەردبێ جلی نیلی لەبەرکەم
ئەگەر بەخشندەی گیانم (بکێشە)
رزگارم کە لەدەسێ جەورو سزاوخەم

لەدنیادا نەبو کەس وەکو من
لە دەریای دین مەلەوان بێ هەتابن
بێ باوەڕان ، باوەڕ ناکەن بەحالم
من تاوا وابم من ئاوا بم منی ون

★ ★ ★

لەبێ مەیلی تۆ من ئەنالێنم
دەرو هەلقرچاو چاوپڕ لەخوێنم
هەزار بەڵێنت پێرام نەهاتی
هەی پەیمان من بێ بەڵێنم

★ ★ ★

وەرە ببینە ساردی هەناسەم
وەرە ببینە زەهری ناوکاسەم
مەیم خوێنی دڵ نالەم گۆیندە
وەرە ببینە گریانو تاسەم

★ ★ ★

ئەیدڵ بێباك لەفەرمانی بڵێم چی
ملکەچی نەفسو شەیتانی بڵێم چی
خۆشەویست بوی جێگە ریزی هەموکەس
کەتۆ ریزی خۆت نازانی بڵێم چی

تەمەنی لالە زاران هەفتەیەکە
خۆش تازە بەهاران هەفتەیەکە
هەلێکە خۆشەویستت دەسکەوێ تۆ
گەیشتنمان بەیاران هەفتە یەکە

★ ★ ★

من بازیکم سپیو هەمە دانی
ئارام ئەگرم لەشوێنێکی نیهانی
بەباڵ ئەفرم لەم شاخەوە بۆ ئەو شاخ
بە چنگی خۆم ئەکەم نێچیرە وانی

★ ★ ★

سەرم سەودا سەری گیسوی تۆیە
دڵم موبتەلای مانگی روی تۆیە
چاوم ئەبڕمە مانگ لەیەکو دو
چونکە لەشێوەی دوئە بڕۆی تۆ

★ ★ ★

چەند خەمگینو پەرێشانو بێزارم
مەلێکی باڵ شکاوو برینـدارم
لۆمەم ئەکەن کەسانێ بێ خەبەر لێم
کەبۆ تۆیە بێ رەنگو بێقەرارم

دڵم تەنگە دڵم تەنگە دڵم تەنگ
لەدڵ تەنگیم دنیا بۆتە گۆڕی تەنگ
لەشەرمی دوی جوانت ڕوئە پۆشم
لەروی تۆدا نازانم چۆن بکەم دەنگ

★ ★ ★

خەمم زۆرە خەمی من بێ ژمارە
دڵی وێڵم زمدارو بێقەرارە
ئومێدم دەستو بازوی نازی تۆیە
ئەگەر بێی بمکوژی خێرت هەزارە

★ ★ ★

من ئەو کەسەم ناویان نا، قەلەندەر
پەرێشانم پەرێشان لەهەمو سەر
کەرۆژ بۆوە لەدەس دنیا ئەدەم خول
کەشەو داهات بەردێ ئەنێمە ژێرسەر

★ ★ ★

گیانم پرمەینەت ودەردە خوایە
دڵم پرئێش و ڕەنگم زەردە خوایە
لەتاوی بێکەسی و مەیلی وڵاتم
هەناسەی دوربم سەردە خوایە

وەرە ئەی جوان باسەپرکەم جوانیت
لەناو جوانان هەڵبژاردەی دڵانیت
چاوم لێت بێ هەمو کاتی ژیانم
خۆشەویستی بۆمن هێزو رەوانیت

★ ★ ★

ئەگەر دەستم ئەگەیشتە تۆ خوایە
لێم ئەپرسیت کەئەم ژینە بۆ وایە
یەکێ مەستە لەگەڵ یاری بەشادی
یەکێ برسی بۆنانێ موبتەلایە

★ ★ ★

بەبۆنی خۆشی تۆ گیراوم ئەی گوڵ
بۆرەنگی جوانی تۆ شێواوم ئەی گوڵ
وێنەی بولبول لە عێشقت بێ قەرارم
بۆتۆی (لەیل)م قەیسی داماوم ئەی گوڵ

★ ★ ★

خوایە گەردنی گەردون ببێ ورد
کەرۆڵەی ئەم عالەمەی پاکی ون کرد
کەسێ نەی‌وت یەگێ وازیندو بووە
هەمو ئەڵێن ئەوا ئەمرۆش یەگێ مرد

کەشەودا هات بەداخ گیانم ئەسوتێ
دڵو جەرگو مۆخو ئێسقانم ئەسوتێ
لەعەشقی چاو خومارو سەوزە ڕەنگی
دەخیلتانموا ئیمانم ئەسوتێ

★ ★ ★

دڵم زارو خەزین چۆن نەناڵێ
دەرونم ئاگرینە چۆن نەناڵم
ئەڵێن بۆچی ئەوەندە گەرمە ناڵەت
مەرگ لێمان بەقینە چۆن نەناڵێ

★ ★ ★

خۆتۆ نەت خوێندەوە زانین تەواوی
لەگۆشەی ئەم وێرانەیە خزاوی
کەنەت زانی چۆنە سودو ژیانت
ناگەیتە پۆلی یارانو جێماوی

★ ★ ★

خەمی خوێن خۆر گیانی کردم بەلانە
خودایە روم لەتۆیە تۆی توانا
برایان بایزانین قەدری یەکتر
ئێمە شوشەین مەرگ بەردی شکانە

خوای گەورە دادوبێ داد لەدەس دڵ
کەوایەك دەم من نەبوم شاد لەدەس دڵ
بەیانیان زو رولە خوا داد ئەخوێنن
من هەمو کات دادونەیاد لەدەس دڵ

★ ★ ★

وەرن کوڕێ بگێڕن دڵ سوتاوان
لەجەوری یار برێژین خوین لەچاوان
لەگوڵزار بولبولی شەیدا ببینین
لەبێ مەیلی گوڵێ بابێتە ناوان

★ ★ ★

تیکەڵ سوتە دڵانم چۆن نەناڵم
هەژاروبێ سامانم چۆن نەناڵم
روبەروی گوڵ بولبول دایم ئەناڵێ
من کە دور لەگوڵانم چۆن نەناڵم

★ ★ ★

هەڵاڵەی ناو کۆسارانم تۆی تۆ
گوڵاڵەی نەوبەهارانم تۆی تۆ
هەڵاڵە یا گوڵاڵە چەند رۆژێکە
ئومێدی رۆژگارانم تۆی تۆ

پەژارە بویتە هاوڕێی دڵی من
پەژارە بویتە ڕێو جێی دڵی من
پەژارە نایەڵێ تەنیا بنیشم
پەژارە بویتە خانە خوێی دڵێ من

★ ★ ★

لەدەس چاوو لەتاو دڵ دادو هاوار
کەچاوم چی ببنێ دڵ ئەکا زار
دروست ئەکەم نەستەرێ نوکی پۆلا
ئەیدەم لەچاو بادلم بێ بێ رزگار

★ ★ ★

هەمە دڵێ کریاری خۆشەویستی
لەلای گەرمە بازاری خۆشە ویستی
کراسێکم بەبالای دڵ بریوە
لەسەر تۆپی ئازاری خۆشەویستی

★ ★ ★

شەوی تاریك گورگ چۆن مەڕ ئەکاکێش
پرچی پیچت بنێ سەرشان وەرەپێش
لەگەنجی دو لێوت ماچی بدە من
وابزانە نانێ بودات بە دەروێش

بێ زمانم وشعر ئاسا درك خۆر
گژو گیایه خۆراكو پارەکەم زۆر
لەگەڵ ئەوخەرجە سوکەو پارە قورسە
سەری بەرزم لەروی خاوەن ئەکەم شۆر

★ ★ ★

بەداوی دولبەری دڵ موبتەلایە
کەدورو نزیکی هەردو بەلایە
بەبێ دلشکاوی نەمدی شتێ لێی
بۆ دلێ من وەك دەشتی کەربەلایە

★ ★ ★

زۆر دارە دڵ خوایە دڵ بەلایە
کەچاو تاوان ئەکا ودڵ موبتەلایە
ئەگەر چاوم نەبینێ چاوی جوانان
دڵ نازانێ جوانو والەچ لایە

★ ★ ★

خۆشەویستان ئێستە جۆشی بەهارە
چیمەن سەوزە گوڵو لالە دیارە
هەڵێ دەس خە ئالەم کاتە دەخیلە
گوێ نەدەیتە ئەم دنیایە بێ بارە

نوری چاوم هێـــزی گیانـم توێ تـۆ
وەرە سەر دارو سوڵتانم تـــوێ تـۆ
خۆت ئـەزانی من بەبێ تـۆ نەزانـم
وەرە پارێزی ئیمانـم تۆی تـــۆ ...

★ ★ ★

لەناو مەستانا مەسـتبم ڕوم لـەتۆیـە
لەدێرابت پەرسـتبم ڕوم لەتـــۆیە
ئـەگەر هینـد وکافربم یـا مسـولمان
لەهەر جـۆرە مەبە ستبم ڕوم لەتۆیە

★ ★ ★

بەوێنـەی مـۆم فرمێسـکم ئـاگرینە
دڵ ئـەسـوتێ وەرە ئـاوی ببینـــە
بەڕۆژ گـەرمم بەشەوانیش ئەسوتێم
شـەو ورۆژم بـەبێ تـۆ گرمژێنـە

★ ★ ★

تـۆ کـەباڵا نـەمـام ونـەو جوانـی
تۆ کەخونچەی کراوەی دەم بەهانـــی
تۆ کەپەخشـــانی سەرشانە دو زولفت
بەمـــن ئـەڵێ کـەبۆچی پەرێشـانـی

لەئاهی من گـەردون ژێرو زەبـەربـێ
خواردن وخواردنەوەم خوێنی جگـەر بێ
تۆ پشـكوێ خەم نەچـزاوە بـەدڵتـا
لەكوێ ‌‌٠٠ ئاگات لەمنی دەر بەدەر بـێ

★ ★ ★

دڵـم زارە دڵـم زارە پـڕ ئـازار
حـەكیم دێنـن كـەوا دەردم بكا چار
حـەكیم بینـی برینـداری ئـەویـنم
دەرمانـیٔ كـرد برینانـم بـەناچـار

★ ★ ★

خۆتۆ خەرموت كەمـن كەشـتیە وانـم
منـی گێـژداوە ئـاوی دیدەكانـم
ئەترسـم تۆش لەوگێـژاوە نوقمبێ
نەمكەی رزگـار گۆتـای بێژیانـم

★ ★ ★

ئەوەندە مەستم نابینم دەستوپێی خۆم
چـاوەكانت كەمێ گـەشتر بكە بـۆم
خۆشـەویسـتم لـەدڵ ئـارام بـڕاوە
بۆ قوربانـی بە قوربانی سەریتـۆم

شەو هەتا رۆژ رۆژ هەتا شەو ئەکەم زار
پەریشانم پەریشانت بەیەکجار
تاوێ وەك شێری ناو زنجیرە نسرکەم
تاوێ وەك پڵنگی بەتیر بریندار

★ ★ ★

گەرەی من بێ سەرانسەر گەنجی دنیا
لەژێر دەستی منابێ مولکی عوقبا
بێتو جارێ روبەروم هەڵ بێنێ
هەموی یەکسەر ئەبە خشم منِ لەرێێ خوا

★ ★ ★

زۆرم فرمێسك لەدوری تۆ سرِیوە
رەنگی سوری لەروخسارم برِیوە
تۆزێ خاوەن وەفا بەئەی فریشتە
بۆ تۆیە زەنگی بەدناویم زراوە.

★ ★ ★

زۆرم نالاند لەئازارو لە ئێشا
گەلێك جەفام بەعێشقی تۆ وەکێشا
چۆکم دادا بەرەو روی قاپی ماڵتان
بێمروەت بوی سەرێکت لێم نەکێشا

پرشنگی روت بەوێنەی خۆر بەتینە
تیری غەمزەی چاوەکانت بە قینە
خاڵی گۆنات وەها بەختی سوتاندوم
وەرە سەیرکە زوخساڵی ببینە

* * *

دڵم وێنەی بولبول هۆگری گوڵ بو
عیشقی باغ و درەخش و بەرزی چڵ بو
خوێنی سورە گوڵی داری ئەرخەوان
منیش گوڵی درەختم خوێنی دڵ بو

* * *

یادی تۆیە هەمو کاتێ لە یادم
لەژیانم بە یادی تۆوە شادم
ئەی یادی تۆ نەبوایە لە دڵدا
پیرو کابو گەلای داری مورادم

* * *

ئەلەك تۆ ئەدەی ئازارم لەبەرچی
ئەگەر گوڵنیش بویتە خارم لەبەرچی
ئانم چەما ، لەژێر باری مەینەتا
تۆش خەمت کردە سەر بارم لەبەرچی

له دەریای خەما دڵ بۆتە ماسی
دێتو ئەچێ بێئارام بە کەماسی
لەدو چاوم دێتە خوارێ تکەی خوێن
تۆ بۆ مایل گوڵزاری ئەناسی

★ ★ ★

خۆشو شادیم بەهاری لانە ماوە
وەفاداری لەئاستی من بڕاوە
بەپێ تەی ئەکەم لێرەوە تاکو (شیراز)
دڵسۆزێکم نییە روی بکەم بەلاوە

★ ★ ★

هەمە دڵێ ناسکە چەشنی شوشە
ئاهی ساردو گریانم بۆتە پیشە
ئەزانن بۆتکەی خوێن دێ لەچاوم
من ئەو دارەم لەخوێنا کردم ریشە

★ ★ ★

پیشەی رۆژ ناڵینە و بێ قەراری
شەویش نانوم لەتاو گریان وزاری
دڵسۆزێکم نییە بچێتە لای یار
بڵێ : دڵا رەق وایە شەرتی دڵداری

پرشنگی جــوان لەئاسمانی خــودایــی
لەتاوی تــۆ گرتــم رێگــەی گــەدایی
یەکەمجــار هاتییــە پێشــێ بــەرەمــی
بۆ بــە ڵێن بوی عــەزیــزم لــەدوایی

★ ★ ★

بەشی هیچکەس نەبێ دەردی دڵــی‌من
ماڵی بــێ دیــن با بێتــە کــاولی مــن
نەکەس پرسی لە ئــازارو لەئێشم
نەتۆش جاری هاتیــە لام گوڵێمــن

★ ★ ★

کاتی مــردن لای ســەرم دڵبــەرم بــێ
پێکەنیــنی بەیــاســینی ســەرم بــێ
پادشــابم ئەبــەخشــم مولکــی شــیراز
لەگیــان کێشــان بەدەستی ئاو دەرم‌بێ

★ ★ ★

بۆ ســودە گــەر بەســلمانت بنــازی
لەگەڵ گــەنج‌و زێــڕو زیوا بســازی
بیتــە خاوەنی تاجــی کەیخوسرەو
دێ ئــەو رۆژەو گــۆڕ بتــرازی

گیانی شـیرین کوشتمی دەردی جیـایی
لـــەدو دیـدە نەمـاوە ڕۆشـــنایی
ئـــاوارەو دەردەدارو بـــێ قـەرارم
لەگەڵ مەینـــەت گرتومـە ئاشنایی

★ ★ ★

دەردم کەم بو واخەمیشـ بوبە سـەربار
ئازارو ئێش بە هاوار نـــاکرێ چـــار
خودای گەورە روی هاوارم لەتـۆیە
تـۆ حەکیمــی بۆ دڵانــی بریـنـدار

★ ★ ★

سەودا سەری کەسێکم نیمـــە سـامان
بریندارى شـــۆخێکم نیمە دەرمـــان
دڵـــی بـــردوم دلبـــەردی دەخیلـە
کافرێکـە نیـە دەربەسـت بەئیمـان

★ ★ ★

خودای گەورە خۆشەویستیم بەتین کـە
دڵو جەرگـم تـــەواوی پڕ برین کـە
وابێ سـاتێ دانەنیشـم بەبێ خـــەم
بـەو جورە خۆشـەویستم لا شـیرین کە

دلسوتاوان هەیانە ئاهو نالە
لەجێی فرمێسك لە چاویان خوێنی ئاڵە
دڵنەسوتاو، بێ ئاگایە لەسوتاو
نازانێ ئێشی سوتاوان چەند تاڵە

★ ★ ★

لەدایك بوم بەشیری خەم كرام گۆش
خەم هۆگرمە هەرگیز نامكا فەرامۆش
بەوە ئەژیم كەجار جارە خەمی تۆ
ئاگری عێشقی لەناو دڵم ئەكا خۆش

★ ★ ★

خولیای تۆیە عەزیزم وا لەسەرما
كەئەت بینم چاو هەڵنایە لەشەرما
خوا ئەیزانێ لەبازاری عەشقدا
بەرگی خەمەكە پۆشیومە بەرما

★ ★ ★

من ئەو بازەم كەئەفڕم بێ كۆتایی
ئەژیم تەنیا لەچۆڵ بێ یان ئاوایی
هەمو تیفێ ئەسوڕی تائەبێ تیژ
من تیفیكی سوڕاوەم لەخودایی

دڵی شێواو پڕ لە خوێنی جگەربێ
خزڵێ ڕێگەت بە ئاوی چاوم تەربێ
لەسەر ڕێتا دائەنیشم شەوو ڕۆژ
خوا تۆبکەی ئەم ڕێگەیەی لەبەربێ

★ ★ ★

ئەی نەفسی شوم لەدنیادا لەزەت خۆر
قەڵەوکە لەش بۆ خۆراکی مارو مۆر
نەم زانیوە بۆچی هاتومە دنیا
کوا چاکەیەك لەدوایی ڕوم بکا سور

★ ★ ★

خۆشە گیانت لەڕێی جانانە دانان
لەجوانان جوانیو گیان بۆ جوانان
بەم جۆرە بگەڕێ ڕۆژو مانگو ساڵ
تکای دەرمان بۆتە پیشەی نەزانان

★ ★ ★

خۆشە کاتێ کەدەستم سەر نەزانێ
گڕێ وەربێ ماکەوشكو تەڕ نەزانێ
کەنیشتو کەعبەو بتخانەوو دێر
هەمو خاڵی بکاو دڵبەر نەزانی

سەرو سامانی خۆم نایە پێناوت
پڕ ئازارم پەرێشانم لەتاوت
پەرێشانان هەمو رۆیینە ژێر خاك
من لەسەر خاك نیوەگیانم ، بەچاوت

★ ★ ★

گێژو وێژم کەبێ دین وانەبێ گێژ
جۆرێ گێژم خافەی شادیم بوە لێژ
ئەوە، کاری وەها کردە دڵو گیان
وەکو مۆمی بێپەرواو دلۆپ رێژ

★ ★ ★

بۆ دلم وێنەی خەیاڵت لەمشەودا
یادی جوانی وردە خاڵت لەشەودا
برژانگم کەند لەدەوری هەردوچاوم
تاجوان سەیرکە جەماڵت لەشەودا

★ ★ ★

دلم لەتۆ بزەی شادی نەدیوە
لەئازار زیاتر ئازادی نەدیوە
وێرانەی دڵ بەهاتنت ئاوایە
خۆشەویستی وابەربادی نەدیوە

بەکۆمەڵ خۆشە سەیرانی دەرو دەشت
خۆشە هەمو بەدڵشادی بکەین گەشت
دەمێ گرتن دەمێ گەستن ،دەمێ راو
لەژیان باهەمو دڵمان بکەین چەشت

* * *

چەند خۆشە خۆشەویستم هاونشینت
بەدڵشادی بلاوێنم ئەوینت
بەشێوەی عاشقانە جار بە جارێ
لەسەر لێوم بنێ لێوی شیرنیت

* * *

خۆزگە گوڵ هەرگیز لەباخ نەروایە
کەهاتو روا جوان نەبووایە
بۆتۆ هەرکەسێ پێ بکە نیایە
بەخوێنی جەرگی روی بشۆریایە

* * *

بەرامبەرم نەیی گیان نییە لەبەرما
خەیاڵی کەس هەرگیز نییە لەسەرما
بەگیانێ خۆشەویستی هەردو دنیام
لەسەوێی تۆیە کە(طاهر) دەربەدەرما

منم دڵدار دێوانەو شەیدای تۆم
منم ئاوارە کەوا ریسوای تۆم
منم نازانم دڵ کەوتە چەلایە ... ؟
منم گیری پەرچەمی تاتای تۆم

★ ★ ★

روم لەروی تۆیە ئەی مانگی دە،وچوا
تۆ جوان ئەبینی باڵای بەرزی یار
تۆ ئاگات نییە لەئاگری ناودڵ
نازانی چۆنە حاڵی دەردە دار

★ ★ ★

ئەگەر شێری ئەگەر بەوری ئەگەر گوڕ
سەرئە نجامت ئەبێتە پاروی گوڕ
کاتێ خرایتە سەر سفرە لەگوڕا
دەورت ئەدەن لەمارو دوپشكو مور

★ ★ ★

سێ دەردی زۆر گرانم لێ بون بار
غەریبیو ئەسیریو خەمی یار
غەریبیو ئەسیری زۆر گرنگ نین
خەمی یارم گرانە بۆم بکەن چار

خوایە چەندە بێزارم لەدەس دڵ
شەوو ڕۆژنییە قەرارم لەدەس دڵ
زۆرم ناڵاند گەرووی ناڵینم تەنگ بو
دەخیل چیبکەم چییە چارم لەدەس دڵ

★ ★ ★

ئای بۆ ئەو کاتەی ئەچمە گۆڕی تەنگ
دەم لەخاك چەقیو بەکۆڵەوە سەنگ
ڕوم لەقیبلەیە گیانلە بیابان
لاشەم مارو مور لێی گیر ئەکەن چنگ

★ ★ ★

ئەی بۆئەو ڕۆژە ئەم نێنە نازگۆڕ
سەنگو بەرد ئەنرێم لەژێر گڵی زۆر
تاچم ناجوڵێ لەدەس مار ڕاکەم
نەدەستم هەیە پێی دەربکەم مور

★ ★ ★

بەرگی شینم لەدەس دڵ کردە پۆشین
بەشم شینە سەراپا بەرگیشم شین
ئەناڵێنم لەدڵرەقیت شەوو ڕۆژ
جارێك نەتوت ناڵەوشینت لەبەرچین

خوایه ڕو لەکێ کەم ، یا لەکوێ کەم
منی بێ دەستو هاوار لەکێ کەم
هەمومان ڕوی سکالاّمان لەتۆیە
تۆ لەکوێ بێ ئەبی من ڕو لەوێ کەم

★ ★ ★

خۆری ئاسمان لەجوانی ڕوت بەشەرمە
مانگی تازە لەڕوی ئەبرۆت بەشەرمە
لەشارابم لەشاخابم لەهەرلا
زوبانی من لەوەسفی تۆیە گەرمە

★ ★ ★

بێ پشتیوانو بێکەس ڕو لەکێ کەین
بێ ئاشناو بێ دەس ڕوله کێ کەین
هەمو بێ ڕوین ئەواهاتین بەرەوڕوت
تۆبێ ڕوبی بڵێ بەس ڕولەکێ کەین

★ ★ ★

خۆشە شاخان خۆشە چیا خۆشە دەشت
خۆشە هەمو بەدڵشادی بکەین گەشت
دەمێ سەیران دەمێ شایی دەمێ ڕاو
هەر ئەو کیوە کالێ زانی بوە دەشت

منی بێ دەنگ منی دڵتەنگو ڕەنگ زەرد
شوشەی نەنگیم لەسەر دەستە ڕێگە بەرد
ئەڵێن دور بەکە تۆ بەدناوو سوکی
دڵداری ڕاست توشی ئەبێ هەزار دەردا

★ ★ ★

بەخشندەیە بەبێ شوێن وجێگایە
نەخش کێشی هەمو جوانی دنیایە
ئاگاداری گیان دارانە شەوو ڕۆژ
بۆ ڕۆژ ڕەشان ئەو بەوێنەی چرایە

★ ★ ★

فەلەك نازانێ کەچەندە پەشێوم
بەتاوو توێی عێشق قرچاوە لێوم
هەمو سورێکت ریشەم دەرئەهێنێ
وەك گلۆلەی بەنم رولە نشێوم

★ ★ ★

خۆشەویستم هاوار بەرم بۆلای کێ
لەجەوری تۆ گۆشتو ئێسقان ئەسوتێ
ترسێ لەخوابکە: دڵرەق ، هەتاکەی
بناڵێنم بەوێنەی نەی دەنگم دێ

ئاگادار نیت لەئەحوالێ خراپم
بۆچی واسەرگەردان تەوەلابم
ئەنالێم لەدەستی تۆبێ مروەت
وائەزانم مندالێکێ بی‌بابم

★ ★ ★

دیمو ئەچم پەرێشانو خەفەتناك
شێواوی تۆم ، تۆش دڵرەقیت نیتەباك
بۆچی نابیستی فریادو سکاڵام
منی بێکەس رەنگم زەردو سینە چاك

★ ★ ★

لەپیش دەرگانەکەت چەند هاتمو چوم
وێنەی پەروانەکەت چەندهاتمو چوم
رێگەم دورە هاتوم بۆدیدەنی تۆ
منی دێوانەکەت چەند هاتمو چوم

★ ★ ★

بەئاوی چاو دەجەیحوبێ پەیداکە
وەرە (لیلی) تۆ مەجنونێ پەیداکە
فەرەیدونی خۆشەویستت لەدەس چو
وەرە لەنوێ فەرەیدونێ پەیداکە

منـێ بێمـــەیو بـــێ بـادە مەسـتم
لـــە دولبـــەر دورم بێهـۆش‌و هەسـتم
لەناو ئاگردام هەست ناکـــەم گەرمـێ
بـــەڵام تینـی عێشق ناودڵـێ گـەســـتم

★ ★ ★

خۆشە کـــاتێ نەســەرم بـێ نەسامان
لەهــەر دوپــێ بێـــاڵێ لکـی دامـــان
بەشــەوو رۆژ ئـارام بکـــەم بەپیشـــە
رۆژێ ئــەبێ کەرونــاك بـێ چرامـــان

★ ★ ★

وەرە ئــەی دڵ بۆلای یـــاری پێشـیمان
کـارێ مــەکـە لەدوایـی بـی پەشێمان
ئــەم دوو رۆژە دەبـا تامــێ بچێــژیــن
لەژێــر خاکـا ســبەێنی ئەکـرێ شـیمان

★ ★ ★

دڵە چۆنـــی ،دڵــە چۆنـــی ،دڵــە چــۆن !!
پڕ لەخوێنی ، پڕ لەخوێنـــی ،پڕ لەخــون
لەعێشقی لەیلەکەی ســەمین عــوزارت
تۆمــەجنونی ، تۆمەجنونـــی تۆمەجنـــون

وەرە فریــام کەتۆی دایـم فریـــاد رەس
بۆچـی دەســتم رابکێشم بۆنــاکەس
ببەخشە پێــم خاوەن خوانو بەخشـندەی
بۆبــەخشـینم چاوەروانــی تـۆمو بەس

★ ★ ★

ئەدکــاتە دێ دەستت گیـــربێ لەدامــان
لەکــرداریێ کردوتـــە بـی پــەشـیمان
بەلام ئەوکــاتە هـــاوارت بێ ســودە
لات نامێنــێ نــەجوانـیو نەسـامـان

★ ★ ★

پــەشـیمانم ، پــەشـیمانم پــەشـیمان
ئەبینـم کــاروانــێ دێ پەرێشـــان
ئەم جیهــانە بۆکەس نابــێ هــەتاســەر
ئەت تۆرێنیێ بــارت ئەنێتە ســەرشــان

★ ★ ★

من ئەوبازەم کەئــەفرم بــێ کۆتایـی
ئەژیـم تەنیــا لە چـــۆلۆ لە ئـاوایی
هەمو تێخـێ ئەسـوریێ تائــەبێ تیــژ
من تیخێکــی ســـوراەوم لەخـودایی

له پێوەندام وەکو (یوسف) لەزنـدان
ئەناڵێنـــم بەغەمنـــاکی پـــەرێشـــان
ئەگەر ســەد باخەوان باخیان ببەستن
بەسە بۆ من گوڵ بارینـــی دوو لێـــوان

★ ★ ★

دەنگی ناڵینـم نابیسـتی گیـــانە
نازانـــی جـــەرگ‌و دڵـــم بریـــانە
وەرن دڵســوتــاو باکـــۆڕێ بگریـن
قـــەدری دڵســـوتاو لای سوتاوانـــە

★ ★ ★

دڵداری هـــەڵەت بۆهـــەرکەس بێنـــێ
تیــن‌و بڵێســـــەی دای ئـــەمرێنـــێ
کـــێ ڕزگـــاری بو لـــەداوی عەشـق
شـــێتی نـــەکات‌و نـــاوی نەزرێنـــێ

★ ★ ★

شـــەوێکم نەدی دڵـــم بێ غـــــەم بـــێ
خۆشەویســـتەکەم لـــەلا هاودەم بـــێ
هەزاران ڕەحمـــەت ڕژایـــە ســـەرغەم
قەت بڕوا ناکـــەم ساتێ لێـــم کـــەم بێ

ئای بۆ ئەو رۆژە حاکم خودایە
سەرپردی صیرات پڕ وا وەیلایە
یەك بەدوای یەکا ئە ڕۆن پیروجوان
سەرەم دێتە سەر پێم لەدوم نایە

★ ★ ★

شەو بەتاریگی ئەبینم تارە
ئاسوی گرتووە ڕەشی دیارە
خوایە ڕۆشنایی بنێرە دلم
ببینم جوانی ڕووی هەشتو چوارە

★ ★ ★

وەك من دڵ سوتاو مەگەر پەروانە
لە دنیا نی‌یەوەك من دێوانە
مارو مێروان هەیانە جێ وڕێ
تەنیا هەر منم بێ جێگەو لانە

★ ★ ★

دلم بەدەردی تۆیە غەم گینە
سەرینم خشتە دۆشەك زەمینە
تاوانم تەنیا هەر دلداری یە
هەرکەس دلداربێ ژیانی شینە

دڵم بێ تۆ پەرێشانە شێواوە
کەرووی تۆم دی غەمم پرش و بڵاوە
ئەگەر دەردی دڵم بەشکەم ئەزانی
دڵی بێ دەرد لەدنیادا نەماوە

★ ★ ★

دەردەدارم دەرونم کەیلی تۆیە
تۆ نازانی هەموبێ مەیلی تۆیە
وەرە فریام لەتاوت بومە قەقنەس
دڵم مەجنونەکەی دوور لەیلی تۆیە

★ ★ ★

ئەگەر دەردم ئەوەندەیە دەبابێ
غەمی زۆریش تاچەندەیە دەبابێ
لەژوور سەرم حەکیمێ یاحەبیبێ
بۆ هەردوو لادڵبەندەیە دەبابێ

★ ★ ★

دەستە ئەژنۆ دائەنیشم لەسەر رێت
بەڵکو تۆزی پێڵاوت لێم بنیشێت
رۆژێ هەردێ لەرۆژرەشت بپرسێت
پەرێشانە جەفای دووریت ئەکێشێت

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد

٩٧٣ لسـنة ١٩٧٩

THE QUATRAINS OF BABA TAHIRI URYAN

TRANSLATED BY RAZY

لەسەر ئەرکي شيخ أنور لە چاپ دراوه

نەرخی ٥٠٠ فلسە

طبع الغلاف بمطبعة دارالمعرى ه - ٦١١٤١